Digitally signed by Kurdistan Net
cn=Kurdistan Net, ou=Copyright 2000 Kurdistan Net, All rights reserved, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.06.27 11:59:09 +03'00'
Reason: Kurdistan Net Neti Hemwane

# ئەگەر وەفدێك هاتە وڵاتی من تکایە بیبەن بۆ صمود

**عارف قوربانی**

لەبەر ئەوەی بەرێژایی مێژوو دوژمنانمان کاریان لەسەر ئەوە کردوە کە کورد وەك میللەتێکی دواکەوتووی خێڵگەری نیشانی مرۆڤایەتی بدەن و هێندەی پێیان کرابێت بەو ئاڕاستەیە کاریان کردوە.

رەنگە لە هەندێك شوێن و ناوەندو لای هەندێ گەل و نەتەوەی نائاشنا بە کورد. ئەو هەوڵەی دوژمنانمان کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی کوردەواری هەبووبێو سیمای دزێوی پێبەخشیبێن و ئەو هەستەیان لا دروست بووبێ کە کورد میللەتێکە دور لە ژیانی شارستانیەت و بەها مرۆڤایەتییەکان دەژی. زۆر جاریش کە وەفدێك هاتۆتە وڵاتەکەمان پاش ئەوەی ئاستی ژیان و شێوازو دیمەنی دڵڕفێنی کوردستان و ئەو پێشکەوتنانەی بینیبێت یەکەمین قسە کە کردویەتی ئەوە بووە (کە من قەت تەسەورم نەدەکرد کورد بەو شێوەیە میللەتێکی هۆشیارو پێشکەوتووبێت) زۆر جار قسەگەلی لەو جۆرەمان بیستووە. . !

بۆیە نەك هەر هەقە، بگرە ئەرکێکی نیشتمانی ئەم قۆناغەیە کە بتوانین سیما جوانەکانی وڵاتەکەمان، جۆری خۆبەڕێوەبردن و حوکمڕانیمان. تەلاسازیو پرۆژە گرنگە خزمەتگوزارییەکان نیشانی مرۆڤایەتی بدەین و سەرجەم ئەو پێشکەوتنانەی کە لەسەر دەستی ئیدارەی کوردی بەدەست هاتوون بیخەینە پێش چاوی دونیاو ئەو راستییە دەرخەین کە نەك گەلێکی کێوی نین. . !! بگرە لە دەرفەتی زۆر کورت دا دەتوانین شێوازی ژیان و لە هەندێ رووەوە گەشەکردنمان بە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەراورد بکەین. . !!

بەڵام لەگەڵ ئەو ئەرکەی سەرشانماندا دەبێ رەچاوی ئەو وەزعیەتە تایبەتەش بکەین کە زۆرترین ژمارەی لاوانی ئەو وڵاتەی ئێمە چ بەهۆی شەڕی ناوخۆو باری ئابووریو زۆر هۆکاریترەوە سەری خۆیان هەڵگرتووەو لە وڵاتانی رۆژئاوادا گیرساونەتەوەو هەریەکەیان کێسێکی تایبەتی بە ژیان و هۆکاری کۆچەکەی خۆی دروست کردوە. بێگومان بەشێوەیەکیش تا بتوانن قەناعەت بەوان بهێنێ کە مافی پەنابەرێتیان بدرێتێ. . !

کاتێ ئەم حاڵەتەی ئێمە پێچەوانە دەکەوێتەوە. کە وەفدێك دێت و تەنها لەم وڵاتەدا دەبرێتە شوێنە هەرە رازاوەکان کە لە ٩٩٪ هاوڵاتیانی خۆمان نەیبینیوە. . !! تەنها بەو جێگایانەدا گوزەریان پێدەکرێت کە لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا منافەسەیان پێدەکرێت. کاتێ وەفدەکەش دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی ئەو دیمەنانەی بینیوێتیو ئەو واقیعەی ئەو هەستی پێکرد نەقڵی دەکات بۆ حکومەتەکەیو زۆر جار کە دەچنەوە دەڵێن کوردستان وەك ئەوروپا وایە. .

ئەمە گەرچی بەدیوێکیاندا بۆ کورد سودمەندەو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر رێگە بە کورد بدرێت وەك نەتەوەیەك و لەسایەی کیانێکی سەربەخۆیدا بێت. پێشکەوێت و لاسایی شێوەژیانی ئەوان بکاتەوە. .

بەڵام بەو دیوەشدا زیانمان پێدەگەیەنێ کە ئەگەر کوردستان وەك ئەوروپا وایە ئەی لاوان بۆچی کۆچ دەکەن. .

لە چەند مانگی رابردوودا کاتێ وەفدێکی هونەرمەندانی سوید سەردانی کوردستانیان کرد. لە گەڕانەوەیاندا یەك لە ژنە هونەرمەندەکانی وەفدەکە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا گوتویەتی هیچ جیاوازییەك لەنێوان (سویدو سلێمانی) دا نابینم. .

ئەم قسەیە لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەوێندەر لای کۆمسیۆنی پەنابەری نێودەوڵەتی حسابی لەسەر دەکرێت و کاریگەرییو رەنگدانەوەی خراپی لەسەر ژیانی ئەو ژمارە بێشومارە لاوە کۆچکردوەمان دەبێت و ئەوەتا ئێستا هەریەك لە سویدو هۆڵەندا لە هەوڵی دەرکردن و ناردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانەن. کە بۆ ئەمڕۆ ناردنەوەیان جگە لە زیاتربوونی کۆمەڵی کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسی. هیچ قازانجێکی نابێت و بگرە بارەکەمان قورستر دەکات. .

هەقە لێرەوە هەڵوەستەیەك بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کە ئیتر وەفدێك هاتە ئەم وڵاتە هەموو کوردستانی پیشان بدەین بە هەموو شارو شارۆچکەکانمانەوە. کە دڵنیام گەر ئەو خانمە سویدییەی وتی جیاوازی لەنێوان (سویدو سلێمانی) دا نابینمەوە بهاتایەتە ئۆردوگای شۆڕش لە چەمچەماڵ. ئەوکاتە دەیگوت بۆ مرۆڤایەتی

شەرمەزارییەکی گەورەیە لە هەزارەی سێیەمدا خەڵك لێرە بەم شێوەیە بژێت و داوای دەکرد کە وڵاتەکەی کۆمەك بە ژیانی ئەم هاوڵاتییە بەشمەینەتانە بکات. . !

بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەمجارە وەفدێك هاتە وڵاتی من تکایە بیبەن بۆ صمودو شۆڕش. . تا چاو بە ژیانی ئەوانیشدا بگێڕن و لەو واقیعەوە تەماشای کوردستان بکەن. . نەك تەنها لە شوشە تەڵخەکانی ئوتێل پالاسەوە لە سلێمانی بڕوانن. . چونکە سروشتی ئەو شوشە تاریکانە وایە واقیعەکەت لەبەرچاو ئەگۆڕێت و دیمەنێکیترت نیشان دەدات. . وەك ئەو دیمەنەی کە کابرایەك لە گوندەکەی ئێمەدا هەبوو گوێدرێژێکی بوو، پوشی نەدەخوارد. . کابرا ئەچوو نایلۆنێکی سەوزی ئەکردە سەری کەرەکەی پوشەکەی لێ ئەبوو بە قەرسیل. . !!

بۆ ئەوەی بەراوردکاریەکەش تەنها لەنێوان (سلێمانیو سوید) دا نەبێت و با جارێك قسە لە جیاوازییەکانی (صمودو سوید) بکرێت. .

www.kurdistannet.org